دەستت لەسەر ئەو شوێنەی لاشەت دابنێ کە ئازاری هەیە، وبڵێ: (بسم الله)^ سێ جار، پاشان حەوت جار بڵێ: (أَعُوذُ بِاللهِ وَقُدْرَتِهِ مِنْ شَرِّ مَا أَجِدُ وَأُحَاذِرُ)

لە عوسمان کوڕی ئەبی عاسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: هانای برد بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەهۆی ئازاری شوێنێکی لاشەیەوە کە تووشی بووە لەو کاتەوەی مسوڵمان بووە، وپێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو: «دەستت لەسەر ئەو شوێنەی لاشەت دابنێ کە ئازاری هەیە، وبڵێ: (بسم الله)^ سێ جار، پاشان حەوت جار بڵێ: (أَعُوذُ بِاللهِ وَقُدْرَتِهِ مِنْ شَرِّ مَا أَجِدُ وَأُحَاذِرُ)^^». ^(واتە: بەناوی خودا وپەنا دەگرم بە ناوی پیرۆزی خودا کە اللە یە)، ^^(پەنا دەگرم بە اللە ودەسەڵات وتوانای لە شەڕ وئازاری هەرشتێک لە لاشەمدایە وهەرشتێکیش کە لێی دەترسم).

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

عوسمانی کوڕی ئەبی عاس -ڕەزای خوای لێبێت- تووشی ئازارێك بوو خەریك بوو بیکوژێت، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سەردانی کرد، وفێری نزایەکی کرد کە بەهۆیەوە خوای گەورە نەخۆشی لادەبات؛ ئەمیش بریتیە لەوەی دەستی لەسەر شوێنی ئازارەکە دابنێت وبڵێت: (بسم الله)* ؛ سێ جار، *(واتە: بەناوی خوای گەورە)، پاشان حەوت جار بڵێت: (أَعُوذُ:پەنا دەگرم)؛ داوای دادەدان و بەهاناوە هاتن وپاراستنە، (بِاللهِ وَقُدْرَتِهِ مِنْ شَرِّ مَا أَجِدُ:بە اللە ودەسەڵات وتوانای خودا لە شەڕ وئازاری هەرشتێک لە لاشەمدایە)؛ لە هەموو ئازارێك لە ئێستادا، (وَأُحَاذِرُ:هەرشتێکیش کە لێی دەترسم)؛ کە ڕووبدات لە داهاتوودا لە دڵتەنگی وخەفەت، یان نەخۆشیەك بەردەوام بێت وئازارەکەی بڵاوە بێت لە نێو لاشەمدا.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/6018